# رێگری لە میرات بردن (الحجب)

[ كردي – كوردی – kurdish ]

عەبدولسەلام پشدەری

**پێداچونەوەی :** پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ الحجب في الميراث ﴾

« باللغة الكردية »

عبد السلام بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# رێگری له میرات بردن (الحجب)

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرودی نەپراوەش بۆسەرگیانی پاکی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفى و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێن كەوتوانی هەتا هەتایە.

خۆشەویستان جارێکی تر هاتینەوە خزمەتتان بۆ باسکردنی بەشێکی تر لە کۆباسەکانی میرات و میراتگران بەئومێدی ئەوەی جێگای رەزامەندی خوای گەورە و پاشان ئێوەی بەڕێزیش بێت ، فەرموو ئێوە و بابەتەکە :

**یەکەم: پێناسەکەی:** لەزمانی عەرەبی دا (حجب) بەمانای رێگری وبەربەستە وەك رێگری لە رۆیشتنە ژوورەوە وە (حاجب) بەکەسێك دەڵێن کەرێگری دەکات لەرۆشتنە ژوورەوە بۆلای پاشا.

لەشەرع دا: رێگری کردنی میراتگرە لەهەموو میراتەکەی یان بەشێکی میراتەکەی، کەواتە حەجب بۆ کەسێکە کە هۆی میرات وەرگرتنی تێدابێت بەڵام کەسێك هۆی میراتگرتنی نەبێ ئەوە حەجب بۆ ئەو بەکارناهێنرێ.

**دووەم: جۆرەکانی رێگری لەمیرات بردن :**

**أ ــ جیاوازی ئایین :** "عن أُسَامَةَ بن زَيْدٍ رضي الله عنهما أَنَّ النبي ( صلى الله عليه وسلم ) قال لَا يَرِثُ الْمُسْلِمُ الْكَافِرَ ولا الْكَافِرُ الْمُسْلِمَ ".{ رواه البخاري (٦٧٦٤) ومسلم (١٦١٤/١)} واتە: ئوسامەی کوری زەید (رەزای خوای لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : کافر – بێباوەڕ- میرات لەموسڵمان نابات وموسڵمانیش میرات لەکافر نابات.

**ب ـ بكوژ میرات نابات :** ئەگەر كەسێك كەسێكی كوشت، وئەو كەسە لەو كەسانە بوو میراتی لە كەسە كوژراوەكە دەبرد، ئەو كاتە میراتی كوژراوەكە بكوژەكەی لێ بێ بەش دەكرێت ، لەم بارەیەشەوە ئەم ڕیوایەتە هاتووە : عن أبي هُرَيْرَةَ عن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) قال : " الْقَاتِلُ لَا يَرِثُ " { رواه أبو داود (٤٥٦٤) والنسائي (٩٧/٤) والدار قطني (٩٦/٤، ٩٧) (٨٧، ٨٨) وهو حديث صحيح بشواهده } واتە: ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: (بكوژ میرات نابات). لەمیراتی كوژراوەكە.

**ج ـ كـۆیلایەتی:** چونكە كۆیلە خۆشی موڵكی خاوەنەكەیەتی وكۆیلە خاوەنی هیچ نیە، سوپاس بۆ خوای گەورە لەم سەردەمەی خۆماندا كۆیلایەتی نەماوە .

د ـ كەمكردنەوەی بەشی میراتگر : ئەوەیە یەكێك لە میرات گرەكان بەشەكەی كەم دەبێتەوە بەهۆی بوونی میراتگرێكی ترەوە ئەم كەمكردنەوەش بۆ پێنج كەسە كەئەمانەن:

١ـ مێرد: بەشە میراتەكەی لە نیوە وەكەم دەبێتەوە بۆ چواریەك ئەگەر ژنەكەی مرد وە لەپاش خۆی منداڵی بەجێهێشت لەم كاتەدا پیاوەكە بەشەكەی لە نیوەی ماڵەكەوە دەبێت بە چواریەك .

٢ـ ژن : بەپێچەوانەی حاڵەتی پێشووەوە ئەمجارەیان ئەگەر پیاو مرد و لەپاش خۆیشی منداڵی جێهێشت، ئەو كاتە بەشە میراتەكەی لە چواریەكەوە كەم دەبێتەوە بۆ هەشت یەك لەبەر بوونی منداڵەكانی .

٣ـ دایك : ئەگەر یەكێك لە منداڵەكانی مردن جا چی كچ بێت یان كوڕ، ئەمانیش لەپاش خۆیان منداڵیان بەجێهێشت ئەو كاتە بەشی دایك لەسێ یەكەوە كەم دەبێتەوە بۆ شەش یەك .

٤ـ كچی كوڕ : لەكاتی بوونی كچی كوڕ بەشی كچی مردوەكە لەنیوەی ماڵەكەوە دەكات بەشەش یەك واتە : ( بەهەردوكیانەوە بەشەریكی لەسێ بەشی ماڵەكە دوو سێ بەشی دەبەن كە پێی دەوترێت : - تكملة الثلثين - .

٥ـ خوشكی باوكی : لەكاتی بوونی ئەم خوشكە لەباوكەوە، بەشی خوشكی دایكی وباوكی لە نیوەی ماڵی مردوەكەوە دەكات بە شەش یەك .

هـــ ـ بێ بەش بوون لەمیرات : ئەوەیە کەسێك کە میراتگرە هیچ میراتی بەرناکەوێت بەهۆی بوونی میراتگرێکی ترەوە وەك برا هیچ نابات ئەگەر مردووەکە کوری هەبوو، یان کوری کور هیچ نابات ئەگەر مردووەکە کوری هەبوو، بەڵام شەش کەس لە میراتگران هیچ کات بێ بەش نابن لەمیرات کەئەمانەن:

دایك وباوك، کچ وکور، ژن ومێرد، جگە لەم شەش کەسە هەموو میراتگرەکانی تری دەگونجێ لەهەندێ کات دا بێ بەش ببن لەمیرات وەرگرتن.

وەبێ بەش بوونی میراتگران لەمیرات لەسەر دوو بنەما دامەزراوە کە ئەمانەن:

١ـ ئەگەر کەسێك خزمایەتیەکەی بەهۆی کەسێکی ترەوە دەگەشتەوە بەمردووەکە ئەوە بێ بەش دەبێ لەمیرات ئەگەر ئەو کەسە خۆی لە ژیاندابێت، وەك کوری کور بێ بەش دەبێ ئەگەر کورەکە خۆی هەبێت جگەلە کوری دایك لەگەڵ بوونی دایکیشدا میرات دەبات.

٢ـ خزمی نزیك پێشدەخریت بەسەر خزمی دووردا بۆ نموونە برا مامە بێ بەش دەکات بەڵام ئەگەر خزمەکان لەیەك پلەدابن ئەوە کامیان خزمایەتیەکەی بەهێزترە پێشدەخرێت وەك برای دایك وباوکی  برای باوکی بێ بەش دەکات.

پەروەردگارا زیاتر شارەزامان بکەیت لە ئاینە پیرۆزەکەت و ئەوەی نایزانین فێرمان بکە و ئەوەشی فێرمان دەکەیت موەفقەمان بکەیت کە کاری پی بکەین، لەو کەسانەمان نەگێریت کە زانستیان هەیە و شارەزان بەڵام کاری پی ناکەن .

والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته